# وەقایعی کوردستان

**ڕۆژنـامـەی ڕەسمیی هـەرێمی کـوردستانە - وەزارەتـی داد دەری دەکـات**

**ژمارە(٣٣٧)　ساڵی بیست وپێنج　٣٠ ئەیلوول ٢٠٢٥ زاینیی　٨ ڕەزبەر ٢٧٢٥ کوردی　٨ ڕەبیعی دووەم ١٤٤٧ کۆچی**


# 337


**بڕیاری ژمارە (٢٨٦)ی ساڵی ٢٠٢٥ ئەنجومەنی وەزیران** لا ١
تـایبەت بەکارەکـانی دامەزراوەی پێوانەسـازی و کـۆنترۆڵی جـۆری لە نێـوان حکـومەتی هەرێـم و حکومەتی فیدڕاڵ

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی ناوخۆ** ٤
هەمواری دووەمی ڕێنمایی ڕێکخستنی میکانزمەکانی فرۆشتنی تویژاڵی (الشريحة الالكترونية) سیستەمی ئەلیکترۆنی (سیم کارت) لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٥
لێخۆشبوون لە گەڕاندنەوەی بڕی پێشینەی هاوسەرگیریی ماوە بۆ سوودمەندانی کەمئەندامان

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٥
تایبەت بە خانەنشینی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٦
لێخۆشبوون لە گەڕاندنەوەی بڕی پارەی قەرزی بچووك بۆ ئەو سوودمەندبووانەی کۆچی دواییان کردووە

**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٦
لێخۆشبوون بە ڕێژەی (١٥%) لە سەدا پازدە بۆ گشت قەرز و پێشینەکانی (خانووبەرە، نیشتەجێبوون، کشتوکاڵیی، پیشەسازیی، گەشتوگوزاریی)

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی تەندروستی** ٧
ڕێنمایی تایبەت بەڕێکخستن و دانانی میکانیزمی کارکردنی پزیشکانی پسپۆڕی خۆراك

**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** ١٠
هەمواری سێیەمی ڕێنمایی تایبەت بە مۆڵەتی خۆتەرخانکەر لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤

**بەیانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی ناوخۆ** ١١
هێنانە کایەی گوندی (قەشەفرا سەری)

**بەیانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی ناوخۆ** ١٢
فراوانکردنی حەرەمی گوندی (کانی پانکە)

**بەیانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی ناوخۆ** ١٣
فراوانکردنی حەرەمی گوندی (ئاکۆیان)

**بەیانی ژمارە (٤ ، ٥)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ١٤

**بەیانی ژمارە (١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٢، ٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی تەندروستی** ١٥



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كـوردسـتان - تصدر مـن قبـل وزارة العـدل

العدد(٣٣٧) السنة خمسة وعشرون ٣٠ أيلول ٢٠٢٥ م. ٨ ڕەزبەر ٢٧٢٥ ك. ٨ ربيع الثاني ١٤٤٧ هـ.

337

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice



| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| قرار رقم (٢٨٦) لسنة ٢٠٢٥ مجلس الوزراء | ١ |
| تعليمات رقم (٨) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الداخلية | ٤ |
| تعليمات رقم (٧) لسنة ٢٠٢٥ وزارة المالية والاقتصاد | ٥ |
| تعليمات رقم (٨) لسنة ٢٠٢٥ وزارة المالية والاقتصاد | ٥ |
| تعليمات رقم (٩) لسنة ٢٠٢٥ وزارة المالية والاقتصاد | ٦ |
| تعليمات رقم (١٠) لسنة ٢٠٢٥ وزارة المالية والاقتصاد | ٦ |
| تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الصحة | ٧ |
| تعليمات رقم (١٠) لسنة ٢٠٢٥ وزارة العمل والشؤون الأجتماعية | ١٠ |
| بيان رقم (٢١) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الداخلية | ١١ |
| بيان رقم (٢٢) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الداخلية | ١٢ |
| بيان رقم (٢٣) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الداخلية | ١٣ |
| بيان رقم (٤ ، ٥) لسنة ٢٠٢٥ وزارة المالية والاقتصاد | ١٤ |
| بيان رقم (١٦، ١٧، ١٨، ١٩، ٢٠، ٢١،٢٢،٢٣) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الصحة | ١٥ |



No. 337 Date: September 30, 2025 - Vol.: 25

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ١٠٩٣٠ لە ٢٠٢٥/٩/٨**

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٨٦)ی ساڵی ٢٠٢٥

پشتبەست بەحوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەی ژمارە (١٤٧) لە ٢٠٢٥/٢/١٩ بە نووسراوی سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٤٦١) لە ٢٠٢٥/٣/١٠، و بە مەبەستی ئاسانکاری و یەکخستنی ڕێکارەکانی پشکنین لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە چوارچێوەی تایبەتمەندییە دەستوورییەکان بە ئاڕاستەی کۆتاییهێنان بەو ئاستەنگانەی کە هۆکاری کێشەکانی پەکخستنی جووڵەی بازرگانی و جموجۆڵ و ئاڵوگۆڕیی بەرهەم و کەلوپەل و پێداویستییەکان بوون لە نێوان هەردوولا کە ببووە مایەی گلەیی و گازندەی هاوردەکاران و بازرگانان و خاوەن پرۆژە بەرهەمهێنەرەکان لە ناوچەکانی هەرێم و فیدراڵ، و ئاماژە بە کۆنووسی هاوبەشی لیژنەی پێکهاتوو بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم/ دیوان ژمارە (١٢٠٢) لە ٢٠٢٥/٤/٨ لە وەزارەتەکانی (پلاندانان/ دەستەی پێوانەسازیی وکۆنترۆڵی جۆریی، دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان، بازرگانی و پیشەسازیی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازیی، ناوخۆ)، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥٨) لە ٢٠٢٥/٧/٢٣، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١- پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی بە مەبەستی دانانی میکانیزمی یەکخستن و ڕێکخستنەوەی کارەکانی دامەزراوەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆریی هەردوو حکومەت و گونجاندنی لەگەڵ دەقی ڕێککەوتنامەکە و بەرجەستەکردنی هاریکاری و هەماهەنگی تەواو لە نێوانیان بە جۆرێک سەرجەم ئەو پشکنینانەی کوالێتی کە لەلایەن دەزگای ناوەندی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆریی حکومەتی فیدراڵ و ئەو کۆمپانیانانەی کە ڕێگەپێدراون لەو دەزگایە ئەنجام دەدرێت هەمان ئەو پشکنینانە لە دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆریی هەرێم و ئەو کۆمپانیانانەی کە ڕێگەپێدراون لەو دەستەیە ئەنجام دەدرێت.

٢- دەستەی پێوانەسازیی و کۆنترۆڵی جۆریی هەرێم سەر بە وەزارەتی پلاندانان بە گوێرەی یاسای وەزارەت ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ تاکە لایەنی تایبەتمەند دەبێت بۆ سەرجەم چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە پشکنینی کوالێتی لە ڕێگای تاقیگەکانی خۆی یان لە ڕێگای پێدانی مۆڵەت بە تاقیگەکانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، ئەم ڕۆڵەی دەستەکەش هاوشێوەی ڕۆڵی (دەزگای پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆریی حکومەتی فیدراڵ) دەبێت بە گوێرەی یاسای دەزگاکەیان ژمارە (٥٤)ی ساڵی ١٩٧٩.

٣- دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆریی لە هەرێم لایەنی تایبەتمەندە بە ئەنجامدانی پشکنینی هاویەکبوون (فحوصات المطابقة) بۆ دڵنیابوون لە ڕاست و دروستی ئەو پشکنینانەی لەلایەن تاقیگەکانی کۆنترۆڵی جۆریی مۆڵەتپێدراو ئەنجام دەدرێن.

٤- گواستنەوەی سەرجەم گرێبەستەکانی کۆنترۆڵی جۆریی لە هەرێم ئەنجامدراو لەگەڵ کۆمپانیاکان بۆ (دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆریی هەرێم) بە هەمان پابەندیی یاسایی و هونەریی ئێستایان، و دەستە مافی پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی ئەو گرێبەستانەی هەیە بە گوێرەی ڕێکارە یاسایی و گرێبەستییەکان، و دەستە دەبێتە لایەنی یەکەمی گرێبەستەکان لە سەرتاسەری هەرێم و جێگەی وەزارەت و لایەنەکانی دیکە دەگرێتەوە لە سەرجەم گرێبەستەکاندا.

٥- گواستنەوەی گشت تاقیگەکانی پشکنینی کۆنترۆڵی جۆری لە گشت وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری هەرێم) جگە لەمانەی خوارەوە:

أ- تاقیگەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ کوالێتی کۆنترۆڵی دەرمان و هەروەها پشکنینەکانی هاتوو لەمادده‌ی (٢٦) لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩)ی ساڵی ١٩٨١ هەمواركراوی بەرکار لەهەرێمی کوردستان کە مەبەست لێیان بڕیاردانە لەسەر گونجاوییان دوای پشکنین بۆ بەکاربردن و بەکارهێنانی مرۆیی.

ب- تاقیگەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پشکنینی بەرهەمە نەوتییەکان (نەوتی خاو، نەوتی ڕەش، نەوتی سپی، گازۆیل، بەنزین، نەفتا) کە هەمان ئەم پشکنینانە لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراق ئەنجام دەدرێت.

ج- تاقیگەکانی ڤێتێرنەری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ پشکنینی ئاژەڵی زیندوو.

٦- داهاتی پشکنینی هاویەکبوون (فحوصات المطابقة) و داهاتی ڕێژەی شایستەی حکومەت لە گرێبەستەکانی لەگەڵ کۆمپانیاکانی بواری کوالێتی کۆنترۆڵ لە هەرێم بە ڕێژەی (١٠٠%) لە سەدا سەد تەرخان دەکرێتەوە بۆ دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆریی هەرێم بە مەبەستی پەرەپێدانی ژێرخانی ئەم دەستەیە و تاقیگەکانی و دابینکردنی توانای مرۆیی بە تایبەتی کارمەندانی تاقیگەکان و گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەییان و دابینکردنی ئامێر و پێداویستییەکان و دابینکردنی باڵەخانە و شوێنی کارکردنی گونجاو.

٧- وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی وەزارەتی پلاندانان ڕێنمایی دارایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی بڕگەی (٦)ی ئەم بڕیارە دەردەکات لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان.

٨- ڕاسپاردنی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی ڕێکاری پێویست بگرنەبەر بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێم و یاسا بەرکارەکان لە هەرێم بە ڕەچاوکردنی کۆنووسی هاوبەشی لیژنەی هاوبەشی ئامادەپێدراو.

٩- ڕاسپاردنی هەمان لیژنەی پێکهاتوو بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ دیوان ژمارە (١٢٠٢) لە ٢٠٢٥/٤/٨ بۆ سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە.

١٠-ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە، و کار بە هیچ بڕیار و ڕێنمایی و نووسراوێک ناکرێت دژ بە بڕگەکانی ئەم بڕیارە بێت.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٤٠٧٦ لە ٢٠٢٥/٨/٧**

دوابەدوای ڕێنمایمان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١ ڕێنمایی ڕێکخستنی میکانزمەکانی فرۆشتنی تویژاڵی (الشريحة الالكترونية) سیستەمی ئەلیکترۆنی (سیم کارت) لە هەرێمی کوردستان و لە بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوونی ئەم هەمواره ڕێنمایيە:

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**هەمواری دووەمی ڕێنمایی ڕێکخستنی میکانزمەکانی فرۆشتنی تویژاڵی (الشريحة الالكترونية) سیستەمی ئەلیکترۆنی (سیم کارت) لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی یەکەم:**
هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی (٤) لە خاڵی دووەمی/ چوارەم / لە ماددەی چوارەم لە ڕێنمایمان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١ و بەم شێوەیەی خوارەوە دادەڕێژێتەوە :-
**ماددەی چوارەم:**
**دووەم:**
٤. هیچ تاوانێکی ناسیاسی یان کەتنێکی ئابڕووبەری ئەنجام نەدابێت .
**ماددەی دووەم:**
ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٧٠٢٠ لە ٢٠٢٥/٨/٢٤**

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٧٦) لە ٢٠٢٥/٣/١٢ بە نووسراویان ژمارە (٣٧٢٠) لە٢٠٢٥/٣/٢٤و کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١٣٨) لە ٢٠٢٥/٨/١٢ تایبەت بە (لێخۆشبوون لە گەڕاندنەوەی بڕی پێشینەی هاوسەرگیریی ماوە بۆ سوودمەندانی کەمئەندامان ) بڕیاڕدرا بە :-

**یەکەم:** لێخۆشبوون لە گەڕاندنەوەی بڕی پێشینەی هاوسەرگیریی ماوە بۆ سوودمەندانی کەمئەندامان کە پێش ساڵی (٢٠١٣) پێشینەی هاوسەرگیرییان وەرگرتووە .

**دووەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران کاری پێدەکرێت و لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٧٠٢١ لە ٢٠٢٥/٨/٢٤**

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پاڵپشت بە حوکمەکانی ماددەی (٩) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی هەموارکراو و یاسای دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ماددەی (٤٦) بڕگەی (یەکەم و دووەم) و نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩١٥٤) لە ٢٠٢٥/٧/٢٧ تایبەت بە (خانەنشینی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی) بڕیاڕدرا بە:

**یەکەم:** تەمەنی یاسایی خانەنشینی بۆ دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان بە تەواو کردنی تەمەنی (٦٥) شەست و پێنج ساڵی بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ دەبێت و هەواڵەی خانەنشینی دەبن.

**دووەم:** لە هیچ بارێکدا درێژکردنەوەی ماوەی خزمەت بۆ دادوەران وئەندامانی داواکاری گشتی نادرێت

**سێیەم:** مووچەی خانەنشینیان بەپێی حوکمەکانی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی هەموارکراو دابین دەکرێت.

**چوارەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/١/١ کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٧٣١٢ لە ٢٠٢٥/٩/٣**

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٧٧) لە ٢٠٢٥/٣/١٢ بە نووسراویان ژمارە (٣٧٢٢) لە ٢٠٢٥/٣/٢٤ بڕگەی (یەکەم) لە کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١٣٩) لە (٢٠٢٥/٨/١٩) بڕیاڕدرا بە:

**یەکەم:** لێخۆشبوون لە گەڕاندنەوەی بڕی پارەی قەرزی بچووك بۆ ئەو سوودمەندبووانەی کۆچی دواییان کردووە و تا ئێستا پابەندی دانەوەی ئەم قەرزەیان لە ئەستۆماوە کە ژمارەیان (٥٩) پەنجا و نۆ سوودمەندە.

**دووەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٧٧٨٥ لە ٢٠٢٥/٩/٢١**

**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٨٨) لە ٢٠٢٥/٩/١٠ بە نووسراویان ژمارە (١١٥٥٣) لە ٢٠٢٥/٩/١٨ و بە مەبەستی کار ئاسانی بۆ هاوڵاتییانی سوودمەند لە پێشینە و قەرزەکانی بانکەکانی سەر بە وەزارەتمان بڕیاڕدرا بە:

**یەکەم:** لێخۆشبوون بە ڕێژەی (١٥%) لە سەدا پازدە بۆ گشت قەرز و پێشینەکانی (خانووبەرە، نیشتەجێبوون، کشتوکاڵی، پیشەسازیی، گەشتوگوزاریی) لە ئەسڵی پێشینە یاخود قەرزی ماوە لای سوودمەندان بە ڕەچاوکردنی نووسراوی پێشووی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٥٧٨٦) لە ٢٠٢٤/١١/١٢ تایبەت بە قەرز و پێشینەی کشتوکاڵی.

**دووەم:** دوای جێبەجێکردنی خاڵی (یەکەم)ی سەرەوە لێخۆشبوون لە سوودی دواکەوتن بۆ سوودمەندان لە پێشینەکانی سەرەوە بکرێت.

**سێیەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران کاری پێدەکرێت تا ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١٢/٣١) و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٦٠١٠ لە ٢٠٢٥/٨/٢٦**

پاڵپشت بە ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**ڕێنمایی تایبەت بەرێکخستن و دانانی میکانیزمی کارکردنی پزیشکانی پسپۆڕی خۆراک**

**ماددەی (١): پێناسەکان:**

١- **هەرێم:** هەرێمی کوردستان-عێراق.

٢- **وەزارەت:** وەزارەتی تەندروستی هەرێم.

٣- **وەزیر:** وەزیری تەندروستی.

**٤- بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی.**

٥- **پزیشکی پسپۆڕی خۆراک:** دەرچووی کۆلیژی پزیشکی گشتی و پسپۆڕێکی تەندروستیە کەزانستی خۆراک بەکاردەهێنیت بۆ (پەرەدان بە تەندروستی وچارەسەری نەخۆشیەکان پاڵپشتی کردنی چارەسەری پزیشکی) لە ڕێگەی پلانی خۆراکی تایبەتەوە وە هەڵسەنگاندنی پێداویستیە خۆراکیەکانی نەخۆش ودانانی سیستەمێکی خۆراکی چارەسەری بۆ نەخۆش وهەروەها پێدانی ڕێنمایی خۆراکی تەندروستی لەسەر بنەمای زانستی بۆ ڕێگری کردنی یان چارەسەری نەخۆشیەکان.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** مەرجەکانی پزیشکی پسپۆڕی خۆراک:

١- پزیشکی پسپۆڕی خۆراک پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:

أ- دەرچووی کۆلیژی پزیشکی گشتی بێت لە هەرێمی کوردستان-عێراق یان دەرەوەی وولات دوای یەکسان کردنی بڕوانامەکەی لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

ب- هەڵگری بڕوانامەی باڵا (دبلۆم، ماستەر، دکتۆرا، بۆرد) بێت لە بواری خۆراک دوای یەکسان کردنی بڕوانامەکەی لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

ج- ئەندامی سەندیکای پزیشکانی کوردستان بێت.

**دووەم:**

١- تەنها ئەو پزیشکانەی کە مەرجەکانی خاڵی یەکەمیان هەیە مافی کارکردنیان هەیە بە ناونیشانی پسپۆڕی خۆراک لە نەخۆشخانە گشتیەکان، ڕاوێژکاری ونۆرینگە میللیەکان، نۆرینگەی تایبەت،سەنتەر، کۆمەڵگە پزیشکی یان نەخۆشخانە تایبەتیەکان.

٢- ڕێگە پێدراو نیە پزیشکی پسپۆڕی هیچ بوارێکی دیکە ناونیشانی پسپۆڕی خۆراک بەکار بهێنێت بەبێ بوونی مەرجەکانی پسپۆڕی خۆراکی.

٣- ڕێگە پێدراو نیە کەدەرچووانی کۆلیژ یان پەیمانگای خۆراک ناسی یاخود دەرچووانی کۆلیژێکی تری بواری تەندروستی کە هەڵگری بڕوانامەی باڵا بن لە بواری خۆراک وەکو پزیشکی پسپۆڕی خۆراک کاربکەن لە نەخۆشخانە گشتیەکان، نۆرینگەی تایبەت،سەنتەر، کۆمەڵگە پزیشکی یان نەخۆشخانە تایبەتیەکان.

**ماددەی (٣):** ناسنامەی کار و تایبەت مەندی پزیشکی پسپۆڕی خۆراک:

١- هەڵسەنگاندن وچارەسەری کێشەکانی بەدخۆراکی لەڕێگەی خۆراکی زارەکی، سۆندەی گەدە و ڕیخۆڵە، خوێنبەر ودەمارەکانی خوێن.

٢- هەڵسەنگاندن، دەست نیشان کردن وچارەسەری بۆکێشی و زیاد وقەڵەوی لەڕێگەی ئەمانەی خوارەوە:

أ- چارەسەری خۆراکی.

ب- چارەسەری دەرمانسازی (دەرمان ودەرزیەکانی دابەزاندنی کێش).

ج- بەکارهێنانی کەپسولی باڵۆنی گەدە.

د- دەرزی وئامێرەکانی کەمکردنەوەی چەوری جەستە.

٣- هەڵسەنگاندن چارەسەری خۆراکی بۆئەونەخۆشانەی کەنەشتەرگەری چارەسەری کێشیان بۆدەکرێت لەپێش ودوای ئەنجامدانی نەشتەرگەری.

٤- هەڵسەنگاندن، دەست نیشان کردن و چارەسەری خۆراکی بۆ کۆنیشانەی میتابۆلیکی و نەخۆشی شەکرە.

٥- هەڵسەنگاندن و دەست نیشانکردنی چارەسەری خۆراکی بۆ نەخۆشیەکانی (کۆ ئەندامی دڵ و دەمارەکانی خوێن، کۆ ئەندامی هەرس و جگەر، گورچیلەو میزەڕۆ، خوێن، شێرپەنجە ڕۆماتیزم.

٦- هەڵسەنگاندن و دەست نیشانکردنی چارەسەری خۆراکی بۆ کێشەکانی بەدخۆراکی و گەشەو قەڵەوی منداڵان (بە ڕاوێژ لەگەڵ پزیشکی پسپۆڕی منداڵان).

٧- هەڵسەنگاندن و دەست نیشانکردنی چارەسەری خۆراکی نەخۆشیە میتابۆلیکیە بۆماوەییەکان.

٨- هەڵسەنگاندن و دەست نیشانکردنی چارەسەری خۆراکی بۆ نەخۆش لە (پێش، کاتی، دوای) ئەنجامدانی نەشەرگەری چاندنی (گورچیلە، دڵ، جگەر، مووخ) .

٩- هەڵسەنگاندن و دەست نیشانکردن ودانانی چارەسەری خۆراکی بۆنەخۆشەکانی بەشی چاودێری چڕ.

١٠-چاودێری کردن و هەڵسەنگاندنی نەخۆش دوای وەرگرتنی چارەسەری خۆراکی.

١١- سەرپەرشتی تیمی چارەسەری پزیشکی خۆراکی لە نەخۆشخانە گشتی و تایبەتەکان.

١٢- هەماهەنگی کردن لەگەڵ پزیشکانی پسپۆری بوارەکانی تر وەک (شەکرەو خوێنە رژێنەکانی هەرس و جگەرو نەشتەرگەری منداڵان) بۆ چارەسەری خۆراکی هاوبەشی نێوان بوارە جیاوازەکان.

١٣- پێدانی ڕێنمایی خۆراکی تەندروست بۆ قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن.

١٤- هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەو دیاریکردنی خۆراکی وەرزشی.

١٥- ڕاهێنان و مەشق کردن بە خۆراک ناسان و ستافی پزیشکی لە ڕێگەی کۆرس و کۆنفرانس و خوێندنی بەردەوام.

١٦- وانە ووتنەوە لە زانکۆ و پەیمانگا حکومی و تایبەتەکان.

١٧- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە بواری خۆراک و میتابۆلیزم.

١٨- دانان و بەرەوپێش بردنی ڕێساو ڕێنمایی خۆراکی لەبواری جیاجیادا وەک ڕێنمایی بۆ نەخۆشخانەو قوتابخانەکان.

١٩- بەشداریکردن لە کۆمیتەی پلان دانانی سیاسیەتی خۆراکی هەرێم.

٢٠- کارکردن لە نۆرینگە یان سەنتەری تایبەت بە خۆی دوای وەرگرتنی مۆڵەتی پێویست.

**ماددەی (٤):**

لەکاتی سەرپێچی کردنی ئەم ڕێنماییە سەرپێچیکار بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی سزا دەدرێت لەکاتی دووبارەبوونەوەی ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت.

**ماددەی (٥):**

ئەم ڕێنمایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ٥٦٣٨ لە ٢٠٢٥/٩/١٥**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (١٨) لەیاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە(٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**هەمواری سێیەمی ڕێنمایی تایبەت بە مۆڵەتی خۆتەرخانکەر**
**لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ماددەی (١):**
بڕگەی (ج) بۆ خاڵی چوارەم لە ماددەی (٢) زیاد دەکرێت بەو شێوەی خوارەوە:
ج- بۆ کەمئەندامی کوڕ سەروو (١٢) ساڵ باوك مۆڵەتی خۆتەرخانکەری پێ دەدرێت.
**ماددەی (٢):**
گۆڕینی ووشەی (مەنگۆل) بۆ ووشەی (داون) لەبڕگەی (ب) لە ماددەی (٤).
**ماددەی (٣):**
زیادکردنی بڕگەی سێیەم بۆ ماددەی (٨) بەم شێوەیە:
سێیەم: کەمئەندامی مێینە تەمەنی لەسەروو (١٢) ساڵ بێت.
**ماددەی (٤):**
ئەم ڕێنماییە دەچێتە بواری جێبەجێ کردن لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٤٨٣٩ لە ٢٠٢٥/٨/١٤**

**بەیانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**هێنانەکایەی گوندی (قەشەفرا سەری)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ هەمواركراو تایبەت بە فراوانكردنی گوندەكان و گواستنەوەی شوێنیان و ئامـاژە بە نووسـراوی ئەنجـومەنی وەزیـران / سـەرۆكایەتی دیـوان ژمـارە (١١٤٠) لە ٢٠٢٥/٤/٦ و نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٤٠٥٢) لە ٢٠٢٥/٧/٨ و دوا بە دوای نووسراومان ژمارە (١٨٣٢١) لە ٢٠٢٥/٦/١١ و لە بەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:-

**یەکەم:** هێنانەکایەی گوندی (**قەشەفرا سەری**) و چەسپاندنی لەسەرنەخشەی كادسترۆ بەپێی ماددەی (یەكەم /٦) و ماددەی (دووەم /٦) لە ڕێنمایی سەرەوە لە قەزای سێمێل لە سنووری پارێزگای دهۆک بەڕووبەری (٨٠-٢-٢٨١ ) دووسەدوو هەشتا و یەک دۆنم و دوو ئۆلک و هەشتا مەتر دوو جا لە سەر پارچە زەویەكانی ژمارە (١/١ و ١/٢ و ٢ و ٣ و ٤ و ٥ و ٦) لە سەر كەرتی (٧٣ / قشافر) و ژمارە (١) لە سەر كەرتی (١١١ / جبل قشافر) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا كاری كوژانەوە و دەست هەڵگرتن بكرێت

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) كاری پێ دەكرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٥٦٧٥ لە ٢٠٢٥/٨/٢١**

**بەیانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (کانی پانکە)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە نووسراوەکانی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٦٨٧٥) لە ٢٠٢٥/٨/١٠ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

**یەکەم:** فراوانکردنی حەرەمی گوندی (**کانی پانکە**) و چەسپاندنی لە سەر نەخشەی کادسترۆ بەپێی ماددەی (یەکەم /٤) لە ڕێنمایی سەرەوە لە سنووری قەزای سید سادق / پارێزگای سلێمانی بەڕووبەری (٢٨٧،٦،-) دوو سەد و هەشتاو حەوت دۆنم و شەش ئۆلک لەسەر بەشێک لە پارچە زەویەکانی ژمارە(٤ ، ٧ ، ٨ ، ٩ ، ٢٥ ، ١/١ ، ١/١١ ، ١/٢١ ، ١/٢٢ ، ١/٢٣ ، ١/٢٤ ، ١/٢٥ ، ١/٢٦ ، ١/٢٧ ، ١/٢٨ ، ١/٣١ ، ١/٣٢ ، ١/٣٣ ، ١/٣٦ ، ١/١٢ ، ١/٣٥ ) لەسەرکەرتی (٣١/ باڵانتەران ) و پارچە زەوی ژمارە (٢/٣ ، ٢/٤) لەکەرتی (٢/ قاڵیچۆ و کانی پانکە ) و پارچە زەوی ژمارە (١) لە کەرتی (٣٠/ گریزە/ بنگرد ) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی لە سەرەوە هاتووە و بەپێی یاسا کاری کوژانەوە دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٧٥٦٤ لە ٢٠٢٥/٩/٨**

**بەیانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (ئاکۆیان)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەمووارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان وئاماژە بە نووسراوەکانی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ژمارە (١٧٥٧) لە ٢٠٢٥/٣/١٩ و (٤١٥٩) لە٢٠٢٥/٦/٢ و (٤٧٨٨) لە ٢٠٢٥/٢/٢ و (٥٤١٤) لە ٢٠٢٥/٨/٦ دوابەدوای نووسراوەکانمان ژمارە (١٢٠٦١) لە ٢٠٢٥/٤/٢٣ و ( ١٨٩١٢) لە ٢٠٢٥/٦/١٧ و (٢١٨٧٦) لە ٢٠٢٥/٧/١٦ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:

**یەکەم:** فراوانکردنی حەرەمی گوندی (**ئاکۆیان**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی کادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم/٤ لە ڕێنمایی سەرەوە لە سنووری قەزای رواندز/ ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بەڕووبەری (٠٥ ، ١٧ ، ٢٥٢ ) دوو سەد و پەنجاو دوو دۆنم و حەڤدە ئۆلک و پێنج مەتر دووجا لەسەر پارچە زەوی لەسەر کەرتی ژمارە (١/١ سلف) کەرتی (٢٩)ی ئاکۆیان وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٦٦٦٦ لە ٢٠٢٥/٨/١٢**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە بڕگەی (٢) لە ماددەی (١٧) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠) وە بەپێی نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (٦٥٢٤) لە ٢٠٢٥/٥/٢٥ وە بڕیارماندا بە:-

١- یەکخستنی هەردووبانکی (چوارتا و ماوەت) لە سەر میلاکی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان لە ژێر ناوی بانکی چوارتا .

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت ولە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٧٦٦١ لە ٢٠٢٥/٩/١٥**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە بڕگە (٢) لە ماددەی (١٧) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ و نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١٠٦٤٢) لە ٢٠٢٥/٩/١ ، بریارمان دا بە:

١- کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت و خانووبەرە) لە قەزای سێمێل لە سنووری پارێزگای دهۆک سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری.

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە: -

**بەیانی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کردنەوەی بنکەی تەندروستی (دەروازەی نێودەوڵەتی زێت) لە بەرێوەبەرایەتی تەندروستی بارزان سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سۆران.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/٨/٤.

**بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کردنەوەی هۆبەی (پزیشکی ناوەکی) لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/٨/١٩.

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کردنەوەی (مەڵبەندی تەندروستی ئاشتی) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/٨/٢٤.

**بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کردنەوەی (نوسینگەی لە دایک بووان و مردووان ) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی مخموور سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولیر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/٨/٢٤.

**بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کردنەوەی (نەخۆشخانەی چاوی ئیماراتی) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/٨/٢٤.

**بەیانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کردنەوەی بەشی (هێزی کاری پزیشکی ) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/٨/٢٦.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەیانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٤٦/ بڕگەی دووەم) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقلیەکان لە هەرێمی کوردستان – ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ لەسەر پێشنیاری لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ماددی هۆشبەر لە کۆبوونەوەی ئاسایی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٨/٢٨ بڕیارماندا بە:

- دانانی ماددەی (AMFETAMINE-a-Methylphenethylamine) (کریستال) لە خشتەی ژمارە (١) و لابردنی لە خشتەی ژمارە (٦)ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقلیەکان لە هەرێمی کوردستان.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/٩/١٠ و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**د. پشتیوان صادق عبدالله**
**وەزیری تەندروستی بە وەکالەت**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەیانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٤٦/ بڕگەی دووەم) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقلیەکان لە هەرێمی کوردستان - ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ لەسەر پێشنیاری لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ماددی هۆشبەر لە کۆبوونەوەی ئاسایی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٨/٢٨ بڕیارماندا بە:

- دانانی ماددەی (HEROIN Diacetylmorphine) (هیرۆین) لە خشتەی ژمارە (١) و لابردنی لە خشتەی ژمارە (٣)ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقلیەکان لە هەرێمی کوردستان.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/٩/١٠ و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**د. پشتیوان صادق عبدالله**
**وەزیری تەندروستی بە وەکالەت**